# نیشتیمان بۆ سیخوڕەکان و مەرگ بۆ قوربانییەکان

عومەر جەلال-چەمچەماڵ
omargalal2004@yahoo.com

ژیانێکی ئەبەدی بۆ ئێوە ,مەرگی کۆتایی بۆ ئێمە,رۆژە خۆشبەختەکانی نیشتمان بۆ ئێوە ,سوتماك و برین بۆ ئێمە ,رەنگی ئەرخەوانی و باڵندە ناسکەکانی ئێواران بۆ ئێوە, ڕەنگی مردن و تەنیاییەکانی شەوان بۆ ئێمە,ڤیزەی سەفەری هەموو وولاَتەکان بۆ ئێوە نیشمانی تابۆ بۆ ئێمە ,هەموو کانیەکان و ڕەزو باخچەکان بۆ ئێوە, بەردە ڕەقەکان و تاوێرە شکاوەکانی نیشتمان بۆ سەری ئێمە,هەموو لێبوردنەکان و گۆرانی و پێکەنین بۆ ئێوە, گریان و توڕەبوون و شکانەوە بۆ گیانی ئێمە,هەموو سەیرانگاکان و زەویە کشتوکاڵیەکان بوە تا پۆی ماڵی ئێوە بۆ ڤێلا درووست کردن ,ماڵەکانی ئێمە وقوتا بخانەکان و مزگەوتەکان و شوێنی پشوو و تەنانەت گۆرستانەکانیش بۆ ئێمە نەما,هەموو شتێك بۆ ئێوە بوو ئێوەی سیخوور ئێوەی دزی خەونەکانی منداڵی شەهیدێك ,ئێوە وەك مردن هاتنە ناو کۆمەڵگەوەو گەنانتان ,ئێمە هەتا دوێنێ سوێندمان دەخوار بە گۆڕی هاورێکانتان و شەرمان دەکرد لە ڕابردووتان,وەلێ ئەفسوس لە دوژمن نەگریس تربوون,چۆن دەتوانن دڵی شکاوی دایکی شەهیدێگ تازە خۆشکەن ,چۆن دەتوانن پارچەکانی نیشتمان کۆبکەنەوە,شەرم لەمنداڵانی ئەنفال کراوی گەرمیان ناکەن ؟؟؟شەرم لەهەناسە بێئومێدەکانی نیشتمان ناکەن ,شەرم لەو گەنجە دڵ تەڕانە ناکەن رابردووتانی ئەزبەر کردووە بە خەبات و بەرخۆدان ,ئێوە چوونە ڕیزی ئەو مرۆڤانەی کەدەبایە هەرگیز وویژدانتان ژیانی نەویستایە ,دەبوو لە گەڵ هەڵدانەوی فایلەکانتانا خۆتان بکوشتایە ,نا ببوورن ئێوە هەرگیز جورئەتی ئەوەتان نیە خۆتان بکوژن هەروەك باوکە سەددامتان وان دەتانەوێت بۆ هەموو مۆڤایەتی ببنە پەندی زەمانە ,تاکو منداڵە یاخیەکان لەبری گەمە ناوی ئێوە بکەنە گەمەو فەرامۆشتان نەکەن,بۆ خۆتان و ڕابردوتان .ئێوە ژیانتان لێ داگیر کردین گەنجانتان وا لێکرد سەفەر بکەن هەموو سامانی نیشتمانتان قۆرخ کرد و شەڕی ناوخۆش هەر ئێوەبوونە سەرتای هەڵگیرانی ,لە پشتەوە ژەهرتان دەبەخشی بە نیشتمان لەبەر چاوی ئێمەش ناسیۆنالیزم و دەرگاکانی دۆزەختان لێ کردینەوەو لەهەموو بۆنەکانا ئێوە لە پێشی پێشەوە بوون هەروەك و چۆن لە دژی نیشتیمان ئیشتان دەکرد ئاوا ژیانتان بۆ خۆتان فەراهەم کردوو ,ئاوارەیی و رێگاکانی هاتوو نەهاتیش بۆ ئێمە بوو,سیخورەکان هاتنە ناو

گیا نمانــەوە رۆحــی لــەت لــەتبووی لێــسەندین دڵــی پــڕ خــەونی قەشــەنگ و کۆلاَنــەکانی نیــشتمانیان لێسەندین, جەنگەڵەکانتان بەئێمە ناساندو فێرتـان کردین نیشتما نمان لا ناشیرین بێت,ئێــوە هاتنــە نــاو ئاوی خواردنەوەو بەشدار بوون لە نان خواردن لەگەڵمان ,ئێوەبوون وەك با چۆن لەگــەڵ کردنــەوی دەرگــادا دێتە ژوورەوە ئاوا ژورەکانتان لێ داگیر کردین,هەروەك و چۆن باران تەڕی دەکردین ئاوها بە سیخوری تەرتان کردین ,هەروەك و چۆن منداڵ دەگری دەبایە ئاوها لەبەرچاوی کۆمەڵگە بگرینایە ,ئەفسوس ئێــوە هــەرکیز هەست ناکەن دۆزەخێکتان بۆ مان درووست کرد ,نیشتمانتان وێران کرد ,گوندەکاتان رووخان ,دیکتاتۆرتــان درووست کرد ,دەنگی ئێمەتان تاسان ,رەنگی ئێمەتان وون کرد,دەنگی ئێمەتان کپ کرد,ئێوەبوون بوونە هۆی دابەشبوونی نیشتمان ,نیشتمان بۆ ئێــوە ,مــەرگیش بــۆ ئێمــە ,ســیخورەکان هەمیــشە لەهــەموو ســاتێکدا براوەبوون , ئێمەش دۆراوترین مرۆڤ.